وەزارەتی تەندروستی دەرگای دامەزراندن بە دەرچوانی پزیشکی لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان دەکاتەوە

وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندنی بە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و پێیمانگاکانی پەرستاری هەرێمی کوردستان کردەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە ٤ـی ئابی ٢٠٢٥، بە گوتەبێژی راگەیەندراوێکی فەرمی وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندن بە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی گشتی و کۆلێژ و پێیمانگاکانی پەرستاری هەرێمی کوردستان بە ساڵانی خوێندنی ٢٠٢٣ بە ٢٠٢٤ کردەوە.

هەر بە پێی راگەیەنراوەکە، دامەزراندنەکە ئەو دەرچووانە دەگرێتەوە کە ئارەزووی دامەزراندن لەسەر میلاکی هەمیشەیی وەزارەتی تەندروستی هەیە.

ئاماژە بەوەشکراوە، راگەیەندراوەکە لەسەر بنەمای ڕێزامەندیی ساڵح حەسناوی، وەزیری تەندروستی عێراق دەرچووە و داواش لەو دەرچووانە کراوە کە فۆرمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە خۆیان لە ڕێگەی ئەو لینکەی بۆیان دیاری کراوە پڕ بکەنەوە.

لینکی فۆرمی پشکشکردن بە دەرچوانی پزیشکی گشتی زانکۆکانی دەرەوەی عێراق

لینکی فۆرمی پشکشکردن بە دەرچوانی پزیشکی گشتی و کۆلێژ و پەرستاری هەرێمی کوردستان